# چالاکی ئۆفیسەکانی سەنتەری گەشە پێدانی چالاکی لاوان

ئۆفیسی کەلار

## بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانی لاوان بەرنامەیەکی تەلە فزیۆنی ئامادە دەکات



*دانانی بەرنامەیەکی TV و پێشکەشکردنی دوو ئەڵقە لەو بەرنامەیە بەناوی (بزاو) لە ئامادەکردنی بەشی ڕاگەیاندنی سەنتەر ،کەتیایدا باس لەکێشەکانی لاوان دەکات دواتر هەر لەو بەرنامەیە میوانداری کەسانی پسپۆرو شارەزا دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە

* کردنەوەی خولی دووەمی فێربوونی درومان تایبەت بەکچان بەبەشداری ٢١ کچ.

*کردنەوەی خولێکی کۆمپیوتەر بەرنامەی ۆرد بۆ ژمارەیەك لە کوران و کچانی شاری کەلار .

*بەردەوام بوونی پرۆژەی لەگەڵ لاواندا بۆ بەڕێز (قانع خورشید) کەبەرنامەیەکی هەفتانەیە هەموو هەفتەیەك پێشکەش دەکرێت بە ئامادەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە لاوان کە تیایدا گرنگی بە هۆشیاری و گەشەپێدانی لاوان دەدات بابەتی ئەم جارەی پرۆژەکە بەناونیشانی (لاوان و کەم ئیشی).بەردەوام بوونی پرۆژەی (لاو ویاسا) بۆ بەڕێز پارێزەر گۆران علی کەتیایدا تیشك دەخاتە سەر ئەو یاساییانەی کە لاوان دەتوانن لێ ی سودمەند بن.

ئەنجامدانی پرۆژەی (لاوی سەرکردە) بە هاوکاری ڕێکخراویNDI لە شاری کەلار بەبەشداری ٣٥ لاو کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند شایانی باسە جێگایی ڕەزامەندی لاوانی دەڤەرەکە بوو .

* کردنەوەی خولی فێربونی زمانی ئینگلیزی قۆناغی بیگنەر بۆ ١٥ لاو و ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی خولی فێربونی زمانی ئینگلیزی بۆ هەردوو قۆناغی بیگنەر و ئیلیمێنتەری بۆ ژمارەیەك لە لاوانی بەشداربووی کۆرسەکانی فێر بوونی زمانی ئینگلیزی .

## ئۆفیسی چەمچەماڵ گەشتێك بۆ ستاف و نوسەرانی گۆڤاری گوڵەکان ئەنجام دەدات

* کۆتایی هێنان بە خولی سێیەمی لاوانی دواڕۆژ و سازدانی گەشتێکی تایبەت بۆیان بەو بۆ نەیەوە شایانی باسە ئەم خولە زیاتر لە (٨٠) منداڵ بەشدراربون .

*کردنەوەی خولێکی کۆمپیوتەر بۆ ژمارەیە لە لاوانی کوڕو کچی دەڤەرەکە .

* گۆڤاری گوڵەکان هەستا بەسازدانی گەشتێك بۆنوسەران و ستافی گوڵەکان بۆناوچەی (خاڵە بازیانی ) .

* لێپرسراوی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەشداری کردلە کۆبونەوەی (گەنج لاو ) لەشاری چەمچەماڵ بەمەبەستی دروستکردنی لیژنەیەك بۆنوێنەرایەتی کردنی لاوان و بەرزکردنەوەی داخوازیە کانیان، هەروەها بەشداری کرد لە ( وۆرك شۆپێك لەشاری لێمانی کە ڕێکخراوی ( ئایندە ) بۆپەرە پێدانی تواناکانی لاوان



* دەست پێکردنی پرۆژەی لاوای سەرکردە لەدەڤەرەکەدا کەبەهاوکاری (NDI ) کەتیایدا زیاترلە ٢٥ لاوی دەڤەرە کە بشداربون و خولەکە بەسەرکەوتوی کۆتای هات و بڕوانامەیبەشداربون بەخشرابەبەشداربوانی خولەکە و بووەمایەی ڕەزامەندی لاوان و دانانی پلان وبەرنامە بۆخود و دوبارە چونەوە بەبەرنامە کانی ژیان و دوبارە خۆنوێکردنەوە لەبوارەکانی ژیاندا.

ئۆفیسی کفری

## تیپی کیك بۆکسینگ خۆیان بۆ پاڵەوانێتی کوردستان ئامادە دەکەن

*کردنەوەی خولی کومپیوتەر بۆ بەرنامەکانی MicriSoft Word. خولەکە ٢٠ ڕۆژی خایەند لە کوتایی خولەکە بروانامە بە سەر سەرکەوتوانی خوول بەخشرا و خولێ:ی دیکەی فێربونی کۆمپیۆتەر بۆ هەمان بەرنامە کراوەتەوە کە ژمارەیەك لە لاوانی ناوچەکە بەشداریان ەتێداکردوە .

*بەهاوکاری ریکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان رۆژی رۆشنبیری بۆ (٤٠) قوتابی ولاو ئەنجامدراوە کە تیادا چەندین بابەتی رۆشنبیری پێشکەشکراون و دواتریش پیشبرکێیەك بۆ گۆڕینەوەی بیروراکان سازکراوەو رۆژە رۆشنبیریەکە بەسەرکەوتویی کۆتایی پێهێنراوە .

*کردنەوەی خولی ( دروومان و درووستکردنی شیرینی ) بۆ کچانی شاری کفری کە خولی درووما‌ن بە شێوەیەکی بەردەوام دەکرێتەوەو بەشداریەکی بەرچاویشی لە لایەن کچانەوە هەیە

*راهینەری کیك بۆ کسینگ بەردەوام لە هەفتەی چوار رۆژ مەشق دەکەن وە ئامادە کردنی یاریزان بۆ پالەوانێتی کوردستان و راهینەری کیك بۆکسینگ بەشداری کردووە لە خولی (دادوەری وراهینان )لە سلیمانی .

*وەك ناوەندی کاری هاوبەشی ریکخراوەکانی سنوری گەرمیان /لیژنەی کفری هەستابەئەنجام دانی کوریك بۆ عدنان عوسمان سەرنوسەری رۆژنامەی هاولاتی بەناونیشان (رۆڵی ڕاگەیاندن لە سەر تیشك خستنە سەر گەندەڵی ).

* بەشداریکردن لە کۆبوونەوە ئاساییەکانی ناوەندی کاری هاوبەشی ریکخراوەکانی سنوری گەرمیان /لیژنەی کفری .

*لە درێژەی چالاکییە وەرزشیەکانی ئۆفیسی کفریدا تیپی تۆپی پێی سەنتەر چەند یاریەکی دۆستانەی ئەنجامداوە کە تیایاندا سەرکەوتنی بە دەستهێناوە .

ئۆفیسی هەڵەبجەی تازە

## بۆ یەکەمین جار لە سنورەکەدا خولێکی ڕەشاقە بۆ کچان دەکاتەوە

*بۆ یەکەمین جار لە سنورەکەدا خولێکی رەشاقە بۆ ژمارەیەك لە کچانی شاری هەڵەبجەی تازە لە لایەن بەشی وەرزشی ئۆفیسەوە کراوەتەوە .

*کردنەوەی دوو خولی کۆمپیوتەر بۆ بەرنامەکانی (ۆرد ویندۆز) بە بەشداری ٣٢ لاوی کوڕو کچی ناوچەکە بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژ دوواتر بڕوانامە درایە سەرجەم بەشداربووان .

*کردنەوەی خولێکی فێربونی درومان بۆ کچان و ژنانی قەزای شارەزور کە (٥٠) کەس کرد بۆ ماوەی دووهەفتە ، لە کۆتایی خولەکەدا بڕوانامە درایە بەشداربووان .

*سازدانی ئاهەنگێکی قەشەنگ و ڕازاوە بۆ دەرچوانی کۆرسی پەروەردەی مەدەنی بۆ لاوانی دووا ڕۆژ بەئامادەبونی بەرپرسانی حیزبی و حکومی سنورەکە ، بەخشینی بڕوانامەی سەرکەوتنیش بەلاوانی دواڕۆژ چەند کۆرانی و دیمەنێکی شانۆیی لە لایەن بە شی هونەری سەنتەرەوە پێشکەشکرا .

*سازدانی ئاهەنگێك بۆ دەرچووانی خولی بە بەشداری زیاد لە (٥٠)بەشداربوو پێشکەشکردنی چەند گۆرانی و چەمند دیمەنێکی شانۆیی لە لایەن تیپی هونەری بارینی سەربەسەنتەرو دواتر بڕوانامە درایە بەشداربووان

*ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکانی سنوری قەزای شارەزور کە لەسەر پێشنیاری ئۆفیسی هەڵەبجەی تازە بەهاوکاری ڕێکخراوی گرین بۆ ڕاهێنانی مەدەنی دروست بووە ،یاداشتێکی (١٠) خاڵیان لە کێشەو کەم و کورتیەکان ئاراستەی سەرۆکایەنتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کرد .

*کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکان لە بینای سەنتەر لە ڕۆژی ١٦/٨/٢٠٠٧ و دەرکردنی چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکی گرنگ .

* بەشی ڕوناکبیری دوو ئێوارەی کتێب خوێندنەوەی بۆ (٥)کەس لە بەشداربووانی پرۆژەی هاوڕێیانی کتێب سازکرد ،کەژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی سنورەکە ئامادەیی بون و تیایدا بە شداربووان

ئۆفیسی سەیدسادق

## چەندین کۆڕی فکری و ڕۆشنبیری بۆ نوسەرەران و رووناکبیران ساز دەکات



*لە درێژەی ئێوارە کۆڕەکانی بە شی ڕوناکبیر ی و ڕاگەیاندندا چەنین کۆڕی نەوعی ساز کردووە لە وانە (کۆڕێکی فکری‌وفەلسەفی بۆ (ئەبوبکر حسین ) سەبارەت بە (پێگەی مرۆڤ لە بوندا قسەیەك لە ئاشتکردنەوەی خودا –سروشت – مرۆڤ ) .(ژنومافەکانی ) بۆبەڕێز خاتوو (بەسمە محمد ) بەرپرسی ڕێکخراوی بەهێزکردنی تواناکانی ژنان لە سلێمانی بە ناونیشانی بەبەشداری ژمارەیەك لە کوران‌وکچانی شارەکەمان ، (کێ لەخەمەکانی شار بەرپرسە )بۆبەڕێز ئەندازیار (ڕەؤف قادر )سەرۆکی شارەوانی سیدسادق (کوردباروددۆخی سیاسی عێراق )بۆ بەڕێز (ئەنوەر حسین ) سەرنوسەری رۆژنامەی ڕێبازی ئازادی ) ( قەیرانی فیکری ئیسلامی )بۆ نوسەرورۆشنبیر مامۆستا (عبدالکریم فتاح)شایانی باسە سەرجەم کۆڕەکان بە بەشداریەکی بە رچاوی لاوان و ڕۆشنبیرانی ناوچەکە بە ڕێوەچوو.

*کردنەوەی خولی درومان بەبەشداری ٣٨ ئافرەت کەماوەی ١٠ڕۆژی خایاند

*بەشداریکردنی چالاکانەلە کۆنفرانسی کەمپینی دوعا کەدژ بە توندوتیژی دژی ژنان دامەزرا

*بەشی خولەکان هەستاوە بە سازدانی ئاهەنگێك بۆدەرچوانی یەکەمین خولی پەروەردەی مەدەنی بە ئامادەبونی باوکان‌ودایکانی مندالان دابەشکردنی (بروانامە بەسەر بەشداربوانی خولەکەدا ) هەروەها کردنەوەی خولی پەروەردەی مەدەنی گەشەپێدانی مندالان بەبەشداری ٢٧ مندال کە ماوەی مانگێکەنێت .

*کردنەوەی خولی فێربونی زمانی فارسی و ئینگلیزی بۆ پێشکەوتوان بۆ بەرنامەی (هێدوەی بیگنەر)بەبەشداری( ١٨) لاو کە (١٥) ڕۆژ دەخایەنێت .

*کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر بۆ بەرنامەی (ۆرد ) بەبەشداری (٢٤) لاو لە کوران‌وکچان.

*بەشداریکردنی سێ ئەندامی سەنتەر لە ۆرك شۆپێکی یەك مانگی کە ڕێکخراوی (NPA) نەرویجی –دیسکی گەنجان سازیدابوو سەبارەت بە گەنجان وچۆنیەتی دروستکرنی گۆران )و نوێنەرانی سەنتەر لەکەڵ ڕێکخراوەکانی سیدصادق بەهاوکاری ڕێکخراوی (NPA) نەرویجی لە درێژەی چالاکی یە هاوبەشیە یەك مانگیەکەیاندا سەردانی (قائیمقامی سیدصاقیان )کرد و لەکەڵ بەڕێزیان باسیان لە کێشەی پەروەردە و کەم بوونی خزمەت گوزاری لەو شارەدا کردو لەمیانی کفتوکۆ کەیاندا چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکیان دا .

*بە خشینی دیاری بەسەریەکەمی پۆلی سێیەمی ناوەندی لەسەر ئاستی گشت قوتابخانەکانی سیدسادق

*خواستنی (١٠٦) کتێب وگۆڤار لە کتێبخانەی سەنتەر لە ماوەی مانگی ئابدا.

* بەبەشداری نوێنەری سەنتەر ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکانی سیدصاق دانیشتنی ئاسای خۆی سازدا .

*کردنەوەی خولی بەهیزکردن بۆ هەردوو وانەی زمانی (ئینگلیزی وبیرکاری ) بۆ پۆلی سێ هەمی ناوەندی بەبەشداری (٥٥) خوێندکار .

*کرنەوەی خولی کۆمپیوتە ر بەرنامەی(ۆرد) بەبەشداری (٢٥) لاو .

*بەشی هونەری سەنتەر هەستا بەنمایشکردنی هەردوو فیلمی (خانمی بچوك ودێوانەك لەقەفەز هەڵهەهات ) لەماوەی دوو ڕۆژدا لەهۆڵی برایەتی بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی شار .

*سازدانی ئاهەنگێك بۆ دەرچوانی دووەمین خولی پەروەردەی مەدەنی وگەشەپێدانی منداڵان بە ئامادەبوونی دایکان‌وباوکانی منداڵان .

* کردنەوەی خولێکی بەهێزکردن بۆ چەند وانەیەکی پۆلی شەشەمی سەرەتایی .

## ئۆفیسی خورماڵ

*سازدانی خولی تۆپی پێی بچوك بۆ ڕێکخراو سەنتەرەکانی خورماڵ لە یاری کۆتایدا ناوەندی ڕوناکبیری خورماڵ و سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان بە یەکگەیشتن و بە لێدانی یەکلاکەرەوە ناوەندی ڕوناکبیری پلەی یەکەم و سەنتەری ککگەشەپێدان پلەی دووەمی بە دەستهێنا ، شایانی باسیە خەڵات یبەسەریەکەم و دوەمی خولەکەدا دابەشکرا .

*سازدانی کۆڕێك بۆ ڕۆژنامەنوس ((پەری حمە میرزا )) بە نیو نیشانی گوزەرێك بە نێو جیهانێکی نادیاردا کە ژمارەیەکی بەر چاو لەلاوان ئامادەی کۆڕەکە بون .

*کردنەوەی خولێکی بە هێزکردن بۆ وانەکانی بیرکاری وئینگلیزی پۆلی سێیەمی ناوەندی و کە تێیدا نزیکەی (٥٠) قوتابی بەشداریان تێدا کردووە و وانەکان لەلایەن مامۆستایانی شارەزاوە وتراونەتەوە .

*کردنەوەی خولی بەهێزکردنی وانەکانی بیرکاری و ئینگلیزی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی کە (٤٠) قوتابی بەشداریان تێدا کردووە .

## ئۆفیسی سیروان

*سازکردنی گفتوگۆیەکی کراوە بۆ ژمارەیەك لە لاوان سەبارەت بە گەنج و ئیرادەی گۆڕان لە ساڵیادی ڕۆژی جیهانی لاوان دا .

*بە هاوکاری پەیمانگای پەروەردەی مەدەنی ئۆفیسی سیروان وۆرك شۆپێکی بۆ دەزگاحکومییەکتنی سنورەکە کردوەتەوە سەبارەت بە ( یاسای ڕێکخستنی کارمەندانی حکومەت ) .

*کردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ هونەرمەندان ( موئمن مەحمود ، ئیلهام بەهادین ، ڕێباز حەمەئەمین ) کە لە لایەن بەڕێز بەریوەبەری ناحیەوە کراوەتەوەو جێگای سەرنج و ڕەزامەندی تەماشاچیان بوو .

*کردنەوەی کۆرسێکی هونەری خۆشنوسی بۆ ژمارەیەك لە لاوانی کچ و کوری ناوچەکە کە سەرەڕای ئەوەی خولێکی سەرکەوتوبووەو جێگای سوودی بەشداربوان بووە ، وابریارە بکرێتە کۆرسێکی بەردەوام و زیاتر پەرەی پێبدرێت .

*پرۆژەی لاوانی دوارۆژ کۆرسی دووەمی ئەنجامداوە بۆ منالآنی ناوچەکە و چەندین وانەی وەك فێربوونی زمانی ئینگلیزی و کۆمپیۆتەرو پەروەردەی مەدەنی و هونەرو وەرزش ) وتراونەتەوەو لە کۆتایدا ئاهەنگێکی خنجیلانەی سەیران ئامێز بۆ مناڵە بەشداربووەکان ڕێکخرا

## ئۆفیسی هەڵە بجەی شەهید پێشبڕکێیەکی شیعری سازدەکات

*بەشی روناکبیری و راگەیاندن چەندین کۆڕی فیکری و ڕۆشنبیری سازکردوە لەوانە ( گەنج و ئۆپۆزسیۆن ) بۆ بەڕێز ( ئاوات عبدالله ) ( دین و خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەکانی ئافرەت )بۆ بەڕێز ( حیکمەت ئەحمەد )سازدانی کۆڕێکی کراوە بە ناوی ( گەنج و رەهەندە جیاوازەکان ) کە لە سەرجەم کۆرەکاندا بەشداریەکی بەرچاو لەلایەن لاوانەوە کراوەو بە سەرکەوتویی کۆڕەکان کۆتاییان پێهاتووە .

* هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کردن و هەڵسەنگاندنی ئەو دەقە شیعریانەی کە بەشداری پێشبڕکێی ( ( شیعر هێمنتر دائەکا ) کە پێشبرکێیەکی تایبەتە بەشیعری لاوانی ناوچەکە .

* هەر لە میانەی چالاکیەکانی ئۆفیسی هەڵەبجەی شەهیدا پێشوازیکراوە لە مستەر (گارسیا)نوێنەری ڕێکخراوی ( Mell IN IUM) ئەمریکی کە دەعوەت کرابو بۆ سەنتەر و ئاشنا کردنی بە کارەکانی سەنتەر .

*نوێنەری سەنتەر بەشداریکردووە لە کۆبوونەوەئاساییەکانی ئەنجومەنی راوێژکاری ڕێکخراوەکان .

*کۆتایی هێنان بە قۆناغی یەکەم و دووەمی کۆرسەکانی پەروەردەی مەدەنی و زمانی ئینگلیزی بۆ منالآن و پێدانی بروانامەی بەشداربوون بە قوتابیە بەشداربوەکانی کۆرسەکان .

*کۆتایی هێنان بە خولی بە هێزکردنی چەند وانەیەکی پۆلی سێیەمی ناوەندی کە لە لایەن مامۆستایانی شارەزاوە وتراونەتەوە و جێگای سوودو رەزامەندی بەشداربووان بوە.

*کردنەوەی کۆرسێکی تایبەت بە گرامەری ئینگلیزی لەسەر ئاستێکی پێشکەوتوو بۆ ژمارەیەك لە قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاکان .

*کردنەوەی قۆناغی سێهەمی خولەکان بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و فارسی و خولی بە هێزکردنی وانەی ئینگلیزی بۆ قۆناغی ئامادەیی